دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی بکوژی "ژینا ئیبراهیم" لە ڕانیە ڕادەگەیەنێت

دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی بکوژی "ژینا ئیبراهیم کەریم" لە ڕانیە ڕادەگەیەنێت، کە لەرووداوەکی شە و تەقەکردندا سێ کەسی تێدا بریندار بوون.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی دەزگای ئاسایش کە ئەمڕۆ 27/1/2025 بڵاویکردەوە، شەوی شەممەی ڕابردوو لە گەڕەکی شەهیدانی شاری ڕانیە، بەهۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لێنەوان چێند گەنجێکدا کەسێک دەکوژرێت بەناوی (ژینا ئیبراهیم کەریم) لەدایکبووی ساڵی 2004، سێ کەسیش بریندار دەبن و پاش ڕووداوەکە بەوبەرایەتی ئاسایشی ڕاپێچ دەستبەجێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونیان لەسەر ڕووداوەکە ئەنجامدا.

دەزگای ئاسایشی هەرێم دەڵێت: بەیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش لەماوەی کەمتر لە 24 کاتژمێردا بکوژەکەیان بەناوی (م ، م ، أ) دەستگیرکرد لەگوندی (زەنگان) لە پشدەر کە لەهەوڵی دەربازبونیدابووە بە ئەودیوی سنورەکانی هەرێمی کوردستان..